## مەسئول لە چاوی موراجیعەوە

1. بەقورعان نەك شەهادەكەی، ناوەكەشی تەزویرە
2. هەتا نامەیەكی كاك هێنی بۆ نەبەیت ئیش بۆ باوكیشی ناكات
3. باشە هونەری ئەم كابرایە چییە وا زلیان كرد لێمان؟!
4. ئیجتیماعی چی؟ درۆ ئەكات.. ئەوە مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ خەریكی چییە
5. كە وتی بە گۆڕی شەهیدان ئینجا بزانە درۆ ئەكات
6. ئاگات لێ بوو چۆن بە تیلەی چاو سەیری قاچو قولی ئەو زەعیفەیەی ئەكرد؟
7. دائیرە بە كەلك نایە رۆلە. با بچین بۆ مالیان لەوێ تەفاهومی لەگەڵا بكەین.
8. ئەرێ نەبرایەوە ئەم هەموو ئیفادە كاكە. خۆ هەمووی حەفتەیەك نابێ لە ئەلمانیا گەڕاوەتەوە.
9. ئەگەر زانی گەڕەكی دەرگەزێن لەكوێوەیە من ئەم قۆلەی خۆم لە بنا ئەبڕم.
10. بۆ ئیمزایەكی قۆڕ شەش سەعات لەو پرسگەیە رایگرتم
بە كێ ئەگیری؟ بە كێ ئەگیرێ؟!.. ئا.. ئەچم بۆ لای هێن خان

## موراجیع لە چاوی مەسئولەوە

1. باشە كەسێ نیە بەم قوڕمساغە بلێ كاكە گیان دەوام سەعات هەشتو نیو دەست پێ ئەكات نەك حەوتو چارەك
2. بە سەرو سەكوتییا دیارە ئیشەكەی ناقانوونیە
3. لەبەر چاوی خۆم ئاوا مامەحەمەیی ئەكات بەڵام كە چووە ئەودیوی دەرگاكەوە دەست ئەكا بە ناماقولی كردن
4. باشە هەتیوە گرگنە بە شەهادەی شەشی ئیپتیدائییەوە بەچی تەعینت كەم
5. های ترحێو.. خزمەتی پێشمەرگایەتی بۆ هێناوم!!! بەقورعان باش باش لەبیرمە كە خەفیفە بوو
6. باشە ئەگەر معامەلەكەت قانوونییە بۆچی كاغەزی مەسئولینم بۆ ئەهێنی؟
7. ئەم هەتیوە حەددی نەبێ ئەلێی خدری زیندەیە. ئەچی بۆ هەرشوێنێك لەوێیە
8. سەیر سەیر ئەلێی مانگایە بەو هەموو قوڕەوە خۆی كرد بەژوورا
9. داوای فەقیرانەی چی ئەكەی ساختەچی؟! بۆ لەتۆ وانیە نازانم مۆنیكات هەیە
10. ئەم ناجسنە زۆر سپلەیە.. رۆژ نیە معامەلەیەكی بۆ تەمشییە نەكەین كەچی دائیم لە جەریدەكانا تەعلیقمان لێ ئەیاتو سكالا ئەنووسێ.




## ئەحۆل بە سەریعی

ئەحۆل ئەبێت بە پۆلیسی سرِی، لە وەزارەتی ناوخۆوە سێ ساڵ بەدوایا ئەگەڕێن نایدۆزنەوە. ئەحۆل ژنەكەی سكی پڕ ئەبێ، ئەلێ ئەگەر كوڕمان بوو بە ناوی باوكمەوە ناوی ئەنێم، ژنەكەی ئەپرسێ ئەلێ ئەی ئەگەر كچمان بوو؟ ئەلێ ئەگەر كچمان بوو بە ناوی باوكی تۆوە ناوی ئەنێم. ئەحۆل دە پانزە جار بە دەوری فولكەیەكا ئەخولێتەوە، مروورەكە رائیەگرێ ئەلێ ئەوە بۆچی هەر ئەسوڕێیتەوە بە دەوری ئەو فولكەیەیا؟ ئەلێ قوربان گیان گلۆپی ئیشارەتەكەم شەكلی كردووە.